# پارتی مۆم دادەگیرسێنێ.. حەسەن سلێڤانیش چرای زمانی کوردی دەکوژێنێتەوە.!

موحسین جوامێر
mohsinjwamir@hotmail.com

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕەوڕەوەی دانوستانەکانی نێوان حکوومەتەکانی عیراق و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی بەرێ، بدەینەوە، دەبینین یەک لە داوا و خواستە هەرەزەقەکانی لە ڕۆژەڤی گفتوگۆکاندا تۆمار کراوە و جەختی لەسەر کراوە، خوێندن بە زمانی کوردی بووە، بە یەک زمان، نەک بە دوو لەهجە.. بەتایبەتی دوای هاتنی عەبدولکەریم قاسم لە 1958 دا و پاشتریش لە 1970 دا کە ئەو سەروبەندە بازدانێک بوو لە بزاڤی خوێندن لە کوردستاندا و لە هەمووان کاریگەرتر بوو.. بێگومان، چەسپاندنی ئەم مافەش لە بن چاودێریی بارزانیی یەکەمدا بوو، خۆی دەیزانی کام لەهجە و بەهۆی چییەوەش ئەویان دەکرێتە بەردی بناغە. دووبارە بەعەرەبیکردنی بەرنامەی خوێندن لە دهۆکدا، پاش پیلانەکەی 1975 بوو و پشتی کۆچکردنی بارزانی بوو بۆ دەرەوەی کوردستان، دوای ئەوەی عەرزوحاڵ بە خەڵکی نووسرا. لە بیرمە، ئەو ساتەوەختە ـ هەتا ساڵی 1974 ـ بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکە و سەرکەوتنی لە ناوچەی بادیناندا، ئیدارەی کوردی؛ مامۆستای هەولێر و سلێمانیی لە دهۆک دادەمەزراند.

لە بنەتای حەفتاکاندا، کاتێ بەعس خەریک بوو بەرنامەی خوێندنی مەکتەبی لە هەولێر و سلێمانیشدا، دەعەرەباند، هاشم عەقراویی وەزیر، دەیوت حکوومەت کارێکی باشی کرد، بادینی فڕ لە سۆرانی ناگەن. پاش ئەو، لە تورکیا بووم کە محەمەد پیرۆز- ی پارێزگاری ئەوسای دهۆک، لە ڕۆژنامەیەکی تورکیدا چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵدا ساز کردبوو، دەیوت کوردی ئەسڵەن زمانی عیلم و زانست نییە، بۆیە شایەنی ئەوەیە هەر دەمکوتی کەیت.!

من، سەیدا حەسەن سلێڤانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد ناناسم.. وەلێ بە حیساب و قیاساتی هەلومەرجەکە، دەبێ ئەو هێژایە ـ لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بیروباوەڕی ـ پارتی بێ و پارتیش لە 16 ی ئەم مانگەدا شەست و یەکەمین مۆمی تەمەنی دادەگیرسێنێت ( 1946 ).. لە سەردەمێکدا، خۆشبەختانە هەردەڵێیت ( قاب قوسین أو أدنى ) ین لە دامەزراندنی دەوڵەتدا، ئەگەرچی شەوقەکەی بەقەدەر چرای دزێک بێت. یەکەم دەرفەتیشە کە پیاو بشێ بڵێت ئەمجارەیان کورد دەستی بەئەنگێو بوو و ئۆخەی لە گیانی کەوت، ئەگەرچی بە چەک و وەحەی ئەوانیکە بوو.

ئەرێ، لەم سەردەمی هەنووکەی کوردا، مامۆستای نێوبراو، هەڕەشە دەکا، بەوەی ئەگەر چیتر بەرنامەی خوێندنی سۆرانی ( بەس قەیناکە تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی و فڕەنسی ) لە دهۆکدا بخوێندرێت، ئەوا دەڕژێنە سەر شەقامەکان و پڕ بەدەم دەقیژێنن، بگرە واز لە خوێندنیش دێنن. بەڵێ، من ئەم مەتەڵەم پێ هەڵنایەت. جگە لەو دەیان هەزار ئیمزایانەی گوایە لە دژی خوێندن بە زمانی یەگکرتووی تەمەن سەدساڵدا، کۆ کراونەتەوە، کە ئەم کارە ئەوەندە ناکوردانە و قیزەونە؛ پیاو یەق دەکاتەوە. لەوەش گەرێ، کە فەرتەنەی ئاوا بەرەو هەرا و دووبەرەکیی مەغلووبەی ئاوەها دەبا، ڕەنگبێ بە مەلای ماوەرانیش حەل و لەحیم نەکرێت.

دڵنیام، دوای ماوەیەک، ئەو نەیارانەی ئێستە خۆیان لە سەنگەری دژ بە کوردا مەڵاس داوە و بۆی یەکاڵا بوونەتەوە، سەبارەت بە کاری پڕ لە هەڵە و پەڵە و بێسەروبەری مامۆستا حەسەن سلێڤانی و هەڤاڵەکانی، بێ فوو لە دۆ کردن، دەردێکمان پێ دەکەن، زاتەن ڕووی مەجلیسانمان نەبێت و دەبێ بە هەنگوێنی بڵێین : ژەهری مار. چونکە ئەنگۆ ئەگەر

خۆتان بە یەک گەل بزانن و یەکزمانی خوێندنتان نەبێت، ئەی ئەم تەپڵ و زوڕنایەی کوردایەتی و ئازادیتان لە چی دایە؟!
ئاوامان پێ دەڵێن.

پرسیار ئەوەیە، ئاخۆ دوای داگیرساندنی شەست و یەکەمین مۆمی پارتی دیموکراتیی کوردستان، چرای زمانی یەکگرتووی کوردی - کە بارزانیی یەکەم یەک لە هەڵگیرسێنەرانی بوو - لەم ساڵەدا بەیەکجاری دەکوژێتەوە و کوردیش دەبنە تۆوی ئەو ناوە؟ واتە، دوای ئەوەی پارتی - وەک حیزبێکی مەزن - ڕێبەرایەتیی یەک گەلی کوردی دەکرد، لەمەولا لە سۆنگەی ئەوەی هێژا حەسەن سلێڤانی و هاوڕێکانی، ئیعلانی تەڵاقیان کرد و یەکزمانی کوردییان کرد بە دوو لەهجە و سەرکزۆڵەیان کرد.. ئایا ئەو حیزبە لەمەولا پێشەوایەتیی دوو گەلی جیاواز دەکات و بە قەولی سالمی سنەیی دەبێتە ( ڕەحمەت عەزابی هێنا ) ؟!

ئەمە پرسیارێکە و نازانم لە کێی بکەم !

07/08/2007